کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
26-2-2007 18:47 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## دیسان ڕێزلێنان. . . !! بەختیار سەعید

دەکرێت ڕێزلێنان بە گشت شێوازەکانیەوە بە چاوی ڕێزەوە تەماشابکرێت، کە چەند ساڵێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پرۆسەیەکی بەردەوام جی بە جێ کردووە و بەردەوامیشە. ڕۆژنامەنووسانیش پشکی زۆرینەیان پێ براوە!! مەخابن لەشکرێك بەناوی ڕۆژنامەنووسیەوە (ڕێزلێنانیان) بۆ دیاری کراوە!! کەدەتوانین شاهیدی بۆ هەندێك ڕۆژنامەنووس بدەین کە لە ڕۆژانی تەنگانەی گەلەکەماندا لەگەڵ پێشمەرگایەتی کاری ڕاگەیاندنیشان لە ئەستۆ گرتوە، ئەمانە مافی خۆیانە. هەندێکیش لە دوای ڕاپەرینەوە لە نێو میدیای کوردی بە حیزبی و حکومی یەوە ڕۆڵیان هەبووە تا هەنوکەش بەردەوامن، تا ئێرە باسەکە ئاساییە. سەمەرەی ڕێزلێنان وای لە بەندەو زۆرکەسی دیکە کردووە بڵێین کاتی ئەوە هاتووە چاوخشاندنەوە بەم پرۆسەی ڕێزلێنانە بکەنەوەو لێژنەکەش بگۆڕن!!لێژنەیەکی تایبەت لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سەرپەرشتی بکرێت، چونکە متمانە لەم کوردستانە باری کردووە سەری خۆی هەڵگرتووە!! ڕۆژنامەنووسێك دەناسم ڕێزلێنانی بۆ خۆی و هاوسەرەکەی و کوڕەکەی و کچەکەی و بوکەکەشی کردووە!!لە هەمان کاتدا، کوڕەکەی و کچەکەی و بوکەکەشە کردووە بە پۆلیسی عێراقی!! ئەو ڕۆژە برادەرێك خۆی بۆی گێڕامەوە کە لە زەمانی بەعسدا لە تەلەفزیۆنی کەرکوك کارمەند بووە چەند جارێك لەگەڵ (عەلی کیمیاوی) سواری کۆپتەربووەو وێنە ئەویان گرتوە، ئێستا ڕێزلێنانی (240000) دیناری بۆ دەرچوە!! توخوا ئەمە ڕێزلێنانە یا (بیتاقەی یانەسیب) ە کە بۆ ئەو ژنەراڵە دەرچووە!!دوو خوشك شك دەبەم لەگەڵخۆیاندا بۆ مێردەکانیشان دەکردووە!! کەیەکێکیان لە ژیانیدا لە یەك کۆرسی گۆرانیدا ووتویێتی: (بزمارە بزمارە) !!خێزانێك بە گەورەو بچوکەوە وەك ئەوی لە ئوتێل دابەزیبن ڕێزلێنانیان بۆ کراوە!!تێرامان لێرەوە دەست پێدەکات!! ئەوانەی زیاتر خزمەتی بەعسیان کردوە لێرەش زۆرترین ڕیزلێنانیان بۆ براوەتەوە! ماوەیەك ڕێزلێنان ئەوەندە سوك بووبوو!خاوەنی ئەسپێك، کە ئەسپەکەی لە کلیپێکدا بەشداری کردبوو، داوای کردبوو پشتگیری لە تەلەفزیۆنی هەرێم پێ بدرێت، تا ڕێزلێنانی پێبدرێت، چونکە ئەسپەکەی ڕۆڵی دیوە!! خانمە بێژەرێك لە دایك بوی (1978) بەڵام بە قودرەتی قادر ڕێزلێنانی لە (1988) بۆ کراوە!! برادەرێك بە سەردانێکی وەزیری ڕۆشنبیری پێشوو بەنامەیەك ڕێزلێنانەکەی بوە (280000) دینار بەراستی دیارە دەرچۆی لێداوە!! بە دەعوەتی سەرمێزێك وەك دومبەڵە ڕێزلێنان زیادو کەمی کردوە!! وەك برنجی بازیان هەرکاتی ڕەشەبا کەم بوایە ئەوا بەرهەمەکەش کەمی دەکرد. ئیتر بابوەستێت چایچی و بەردەست و پاسەوان و دەرگاوان و باشچاوشەکانی زۆرینەی بەرپرسان کە بەزیادەوە بۆ یان براوەتەوە!! مرۆگەلێکی وەها ڕێزلێنانیان بۆ دیاری کراوە تا هەنوکە خەون بە ڕۆژانی بەعسەوە دەبینن و گاڵتەیان بەم ئەزمونەی کوردستان دێت!! دڵنیام ڕێزلێنانی هونەرمەندان لە ڕۆژنامەنووسان ئەگەر خراپتر نەبی ئەوا هاوتەریبن!!باشترین هەنگاو چاوخشاندنەوەیە.



Baxtyarsaed64@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.